# پێشەکی

**خوێنەری بەڕێز**

بەرگی سێیەمی ئەم کەشکۆڵە،زانیاریەکانی تاوەکو مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2008 بە خۆوە دەگرێت .بەرگی یەکەمی ئەم کەشکۆڵە ساڵی 2001 و بەرگی دووەمی ساڵی 2007 بلاۆو کراونەتەوە .

کەشکۆڵی زانیاری دەزگا تەندروستیەکان ناوی فەرمانگەو هەموو بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشخانەکان و سەنتەرە پزیشکیەکان لەچوارچێوەی سنوری پارێزگای هەولێرکە لەلایەن فەرمانگەی تەندروستی هەولێر(ف.ت.هەولێر) بەڕێوە دەبرێت تێدایە کە بە پێی یەکەی کارگێری ( سەر بە کام ناحیەو قەزا ) ڕیزبەندکراون .

بۆزانینی جۆری ئەو خزمەت گوزاریانەی کە لەو بنکە تەندروستیانەو نەخۆشخانانە کە پێشکەش دەکرێن ئاماری تایبەت ڕێکخراوە .هەروەها دووری دەزگا تەندروستیەکان لە دیوانی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر(کە نزیکە لە باڵەخانەی پارێزگای هەولێر) دیاریکراوە.

لە بەرگی دووەم ساڵی2007 شوێنی زۆربەی ئەو دەزگا تەندروستیانەی کە ناویان لەم کەشکۆڵەدا هاتووە لە سەر نەخشەی ئاسمانی دەستنیشان کراون و ئێستا لەسەر ماڵپەری فەرمانگەکەمان لە (www.dohhawler.org) دەتوانیت چاوی پێدا بخشێنیت (بێگومان ئەم کەشکۆڵەش لەسەر هەمان ماڵپەڕ دەتوانرێت دەستت بکەوێت).پشت بە خوا ساڵی داهاتوو هەوڵ دەدەین کە زانیارییەکانی نەخشە تازە بکرێنەوەو ئەو بنکە تەندروستیانەی کە تازە دروست کراون بخرێتە سەر نەخشە .

بیرۆکەی دەرکردنی ئەم کەشکۆڵە تاوتوێ کراوە لەگەڵ پەیوەندیدارەکان وا پەسەند کرا کە ئەم کەشکۆڵە هەموو دوو تا سێ ساڵی جارێك زانیاریەکانی نوێ بکرێن و بلاۆو بکرێنەوە.

بێگومان هیچ ئاواتێك بە دی ناهێنرێت ئەگەر کاری بۆ نەکرێت و هیچ کارێکیش بێ کەم و کورتی نابێت .

سوپاسی هەر پێشنیارێکتان دەکەین بۆ چاککردنی کەم و کوڕیەکانمان لەسەر ئەم کەشکۆڵە.

لەگەڵ ڕێزمان .

**د.خالد علی عبدالله**

**بەڕێوەبەری گشتی**

**فەرمانگەی تەندروستی هەولێر**

**کانونی دووەمی 2009**